

# بۆچی ئێمە دژی هەڵبژاردنین.....؟

## جەزا چنگیانی

ئێمە کێن ؟ مەرج نیە کە ووشەی ( ئێمە ) بەکارهێنرا مەبەست ڕیکخراوێك یان کۆمەڵەیەکی قەوارەدار بێت. بەڵکو مەبەست ئەو کەسانەیە کەبیرکردنەوەیان لە ئاستی کێشەیەکدا یەکوێنەیە **.( ئيمة ئةو كةسانةين كة هةلَبذاردن بة بةرذةوةندي نةتةوة دةثيوين )** قۆنتەراتجییەکانیش * ( یەکیتی و پارتی ) بە بەرژەوەندی پارت و خیزان و تاك . مرۆڤی نەتەوەی مرۆڤێکی دکتاتۆر و فاشی و پڕیمێتیف نیە .مرۆڤی نەتەوەیی مرۆڤی مرۆڤدۆست و دیموکراسی خوازە . بۆیە داوای زیندوکردنەوەی مافەخۆڵەمێشکراوەکانی مرۆڤ دەکات . مرۆڤی نەتەوەی بەڕێزەوە دەڕوانیتە هەڵبژاردن و چالاکە لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگادا . .ئەگەر ئەرکی پاراستنی نیشتمان ئەرکی نەتەوەییەکان بێت . ئەوە ئەو ئەرکە لە پێناوی پاراستنی مافە مرۆییەکانی ئەو کۆمەڵە مرۆییە کە لە ئامێزی سنوری ئەو نیشتمانەدا دەژین . یانی پاراستنی مافە چینایەتیەکانی چینە دژەکانی ناو کۆمەڵ و توێژە لەیەك نەچووەکان . مرۆڤی نەتەوەی ڕێزی بۆ نەتەوەکانی تری جیهان سەرجەمیە . هوشیاری و پاکی هزری نەتەوەی لە پەسەندکردنی مافە مرۆییەکانی نەتەوە جیاکانی تری جیهانەوەیە . بڕوای بە چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە نیە و خەباتەکەی لە پێناوی نەهێشتنی چەوسانەوەی مرۆڤەوە سەقامگیر بووە . جیاوازی لە نێوان فاشیسم ومرۆسیسم دا ( تەنیا پەسەندکردنی ڕەنگ و دەنگ و ڕەگەزە جیاکانی جیهانە لە فەلسەفە مرۆییەکاندا ) ئەوەی ئێمەی ( کوردستانییەکان ) ی کردوە بە ئۆپۆزسیونی هەڵبژاردنی باشوری کوردستان و عیراق . ناپاکی . ساختەجیتی , قونتەراتجیتی سیاسی , قولابیکردنی دەنگ . بیٚ پڕینسیبی بنەما ڕەسەنەکانی هەڵبژاردن و بیٚ یاسای پاراستنی ماڤ تاکی کۆمەڵە . کاڵبوونەوەی کوردستان بوونی باشووری نیشتمانمانە لە ژێر عەبای بەرژەوەندی ناسیونالیستی عەربیدا .بە دەستی چەند قۆنتەراتچیەکی کوردی وەك ( بارزانی و تاڵەبانی ) . 83 ساڵە ئێمە گلەی لە ئینگلیزدەکەین کە بەبیٚ ویستی گەلی کورد . باشوری کوردستانیان لە ناسیونالیستی عەرەبی مار بڕی . ئێستا قۆنتەراتچیە کوردەکان بە هوی هەڵبژاردنەوە جاریکی تر باشوری کوردستان لە عەرەب مارەدەکەنەوە .

ئەم شانۆگەرییەی کە پێدەوتری هەڵبژاردن بازییەکە بۆ دارشتنی قەوارەیەکی سیاسی نوێ ئالقە لە گوێی بۆ ناسیونالیستی عەرەبی عیراقی و دکتاتۆریتێکی تری وەك صدام . کەتێدا یەکەم قوربانی مرۆڤی کوردە. بەڵگەی زیندوو ئامادەنەبوونی دەسەڵاتی کاتی عەرەبی عیراقی بە کوردستان بوونی کەرکوك وبێ مافکردنی کوردە هەندەرانییەکان لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان .سوکایەتیکردن بە ئاوارەکانی کەرکوك وبەردەوام بوون لە بە عەرەبکردنی شارە پترۆڵییەکانی کوردستان . یەکەم براوەش کۆمپانیە پترۆڵییەکانی ئەمەریکی و ناسیونالیستی دڕ و پرێمێتیفی عەرەبە . ( تاوانم نەنوسیوە کە عەرەب بە پرێمتیف دادەنیم . ئاخر ئەوان ئێمەی کورد وەك ئاژەڵ پەسەند دەکەن ) .

دارشتنی لیستی دیکتاتۆریانەی هەردوو زلهێزەکە لە باشوردا ( یەکیتی و پارتی) دوو ڕووی هەیە :

یەکەم : لەسەر ئاستی مافە مرۆییەکانی تاکی کورد لە باشووردا : گەورەترین تاوانە لە ئازادی مرۆڤی کورد دەکرێ . بۆ؟؟؟ چونکە لە هەر لەشێکی سیاسیدا بەرەی ئۆپۆزسیۆین لاواز بوو ململانێ کۆمەڵگا لاواز دەبێت و دەسەڵاتی ڕەها لە لایەن سەرکۆزەرەوە قۆرخدەکرێت یانی دکتاتۆری ) . دەبوایە شێوەی هەڵبژاردن لە باشووردا ئازاد بوایە . لیستی هاوبەش نەبوایە . دوای هەڵبژاردنی ئازادانە چ پارتێك زۆرینەی دەنگی مسۆگەر بکردایە دەیتوانی لە تەك پارتێکی تردا میریان دروستبکردایە و بەرەی ئۆپۆزسیونیش بە بەرنامەی خۆیەوە لە پەرلەماندا بوونی هەبوایە . ئەمە شێوەی ساخڵەمی هەڵبژاردن ودەسەڵاتی کۆدەنگە .

دووهەم : دوای سەقامگیرکردنی دەسەڵاتێکی فیدرالی تایبەت بە کورد لە باشوری کوردستاندا... مرۆڤی کورد دەیتوانی هاوبەشی لە هەڵبژاردنی عیراقدا بکردایە . ئەمە شێوەی دیموکراسی وفیدریالی دەچەسپێنی . لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە ئەم شێوەیە لە ئەڵمانیایدا پیادەدەکریت .هەر ناوچەیەکی کۆماری فیدریالی لە ئەڵمانیدا لە سنوری دەسەڵاتی فیدریالی خۆیدا ئازادن . دوای دارشتنی قەوارەی سیاسی خۆی هاوبەشی لە هەڵبژاردنی (سەرجەمی ) تەواوی ئەڵمانیدا دەکات . ئەگەر بۆ نەتەوەیەکی زرنگ وساخڵەمی وەك ئەڵمان کە خاوەنی یەك زمان و میژوو و قەوارەیەکی نەتەوەین , خاوەنی مارکس . کانت و هیگل و بتهۆفن و هتلەر و نیجتەن و تەکنەلۆژیاییەکی فرە و کەپیتالێکی قەبەن. کە ئەمانە کەساییەتی نەتەوەی ئەڵمانی بە شێوەیەکی وا پتەو و سەقامگیرکردوە هیچ هێزیك نیە بیڕوشینێ . ئەم شێوەیە ساخڵەم وڕاست بێ . ئەوە بۆ ئێمەی کوردی باشوری . زۆر پێویستە کە هەمیشە ئێمە چاوەڕی لە دایك بوونی صدامەکان وصدرەکانی عەرەب لە عیراقدا دەکەین وکەسایەتی نەتەوەیمان لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ئیستا لە لیتاوی فاشیان گەوزاوە . پێش ئەوەی مرۆڤی کورد خەمی یەکپارچەی عیراقی کۆلۆنیالی هەبێ . پێویستە لەشی سیاسی کورد لە باشوردا ساخڵەم و پتە و خاوەن ئیستراتیجی و بەرنامەی نەتەوەی بێت . وەك گەلێکی جیا لە عەرەب و خاوەن تایبەتمەندی میژووی و زمان وکولتور و دین و خاك وئیستراتیجی خۆی . کوردستانییەکان دژی هەڵبژاردن و دروستکردنەوەی عیراقێکی نوێن . کەمافە مرۆییەکان دەبێتە قوربانی پلە یەك تێدا . ئێمە ئۆپۆزسیۆینی هەڵبژاردنین چونکە کەساییەتی نەتەوەی و ڕەسەنی مرۆی کورد دەبێتە قوربانی ویستە ناسیونالیستەکانی عەرەب.دروست بوونەوەی عیراق .یانی دروستکردنەوەی زیندانی 83 ساڵەی دەسەڵاتی عەرەب بەسەر کورد دا . یانی بە تالانبردنی سامانە سروشتیەکانی کوردستان و برسیکردنی مرۆڤی کورد یانی .... یانی .... یانی.... کردنی کورد لە مرۆڤەوە بە ئاژەڵ .... بۆیە ئێمەی (کوردستانی) دژی هەڵبژاردنین .

**فرانكفۆرت** ... 23/01/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de